# گەمەی پشت بەردەکان



لە بەردستانی
کەنار دەریایەکی بەتال
بۆ جێکردنی چایەکی رەش
خەمەتەڕەکانم
ئاگرناگرن
منداڵێک لە چاوەکانمدا
باسی رووت بوونەوەی دایکی ئەکات
لە ئامێزی قەیرەکان
لەنێو دەستی ئەوانەی وەکو خۆی
بێوەژنن
هەرزەکارێک
بە دەستەکانم شیعر ئەنووسێ
بۆ ئەو بەردانەی
بە ئاو مژین پڕن
پڕن وەک مەمکی دەسگیرانەکەی
ئەو مەمکانەی
پەنجەکانم خەنی ئەکەن
کچێکی هەژدە بەهار
لەگەل دایکی
هەر هەموو جلەکانی بەریان
کردە بەر بەردەکان
دایکی ئەیگووت
پێستی سپیت
بەو قژە کال و درێژە
لە چاوانی ئەو بشارەوە
ئەویش
سەیری پرچی بڕاوی دایکی ئەکرد
لە دوورەوە

هەورێکی ڕەش ڕەش مانگی چواردەی هەلگرتبوو
خێرا خێرا
ئەهاتە پێش
هێند هاتە پێش
تابینیمان
کەچەلێکی بەرگ لە موو
پەنجەکانی دەستی چەپی دەمی مقەست
دەستی ڕاستیشی
مووسێکی تیژ
ئەیتراشی و ئەیبڕیەوە
ئەیبڕیەوە و ئەیتراشی
هەرچی موو هەبوو
بۆ یادگاری لە جەستەی خۆی کۆی کردبووەوە
منداڵەکە
لە چاوانم هاتە دەرێ و
لە سەر بەردەکان گاڵتەی بە کەچەڵ ئەکرد
لە پشتەوە
مووەکانی ڕائەکێشان
هەرزەکارەکە
نەیدەزانی لە کوێندەری دەسگیرانی خۆی بشارێتەوە
دەسگیرانیش
ووشە تەڕەکانی
شیعرە تەواونەکراوەکەی ئەو ئێوارەمی ئەدزی و
بە پیتە موو وەرێنەکان خۆی تەڕ ئەکرد
کچەکەش
لە پەنای بەردەکانەوە
قژی خۆی وەک پەردەی شانۆ بۆ ئەکردمەوە
بە خەندەیێکەوە لێی ئەپرسیم
داهێنانەکەی برێختت خوێندۆتەوە
لەو کاتەدا

فیته و هەرای هەمووان
تێکەل ئەبوو
بە ئاوازی ئاخ و ئۆفی دایکی
هەر هەموویان هەلئەپەڕین
لەگەل هەلپەڕینی سەرجیجکانەی قژ بڕاو لە ناوقەدی کەچەل
کەچەل
لە سەر پشت چاوی لەو عاشقە بوو
تەنها دایکی ئەیگووت شێتە
وا چەند شەوە
ئەم عاشقە
بۆ چایەکی رەش لێم تۆراوە
بۆ جگەرەیەکی داگیرساو
مانی گرتووە
هەر چەند ئەکەم
لە نێو خەونە تەڕەکانم
خەمەکانم ئاگر ناگرن
وا خەریکە عاشقە شێتەم لە یاد ئەچێ و
لە شانۆیەکی برێختیانە
خۆم ئەدۆزمەوە

هەندرێن حەمەدەمین
٢ی١ی٢٠٠٦
Handren88@hotmail.com